# پاڵپشتی ئێران بۆ گرووپە چەکدارەکان‌و پڕکردنی بازارەکان لەکاڵای خراپ عێراقیەکانی لــێ هەڵدەگەڕێنێتەوە پارێزگاری نەجەف : لە۹۰% ی عێراقیەکان رقییان لە ئێرانە

ئا : هەواڵ

گەورەترین نیگەرانی کە بەرۆکی عێراقیەکانی گرتۆتەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لەعێراق‌و دواجار مانەوەی بۆشاییەکی سیاسیە تا ئێرانیەکان لەو رێیەوە هەژموونی خۆیان زیاتر بەسەر عێراقدا بسەپێنن، ئێران هەنووکە لەرێگەی توانا کولتووری‌و بازرگانیەوە تەواوی هەژموونی لەعێراقدا سەپاندوە، بەڵام لەناوچە شیعەنشینەکانی عێراق ئێستا ئێران مایەی بێزارییەو کەس رووی خۆشیان لێنایەت .

هەر چەندە هەژموونەکانی ئێران لەماوەی هەشت ساڵەی دوای پرۆسەی ئازادیەوە لەوناوچانە بەتەواوەتی جێگیرە، ئەویش بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی باڵای عێراقی کە سەر بەمەزهەبی شیعەیەو لەگەڵ حکومەتی ئێران پەیوەندی پتەوی هەیەو هاوکات موقتەدا سەدری دژ بەئەمریکا هەمان پەیوەندی بەئێرانەوە بەستوە، بەڵام هێشتا متمانەی تەواو لەنێوان هەردوولادا ناجێگیرە، ئەویش رەنگە بگەرێتەوە بۆ تێکدانی بازرەکانی عێراق لەلایەن ئێرانیەکانەوەو هاوکات ئێران چەندین سەدە حوکمڕانی عێراقی کردوەو مێژوو شایەتی دەدات کە لەژێردەستەیەك بەولاوە ئێران هیچ مافێکی بەعێراقیەکان نەداوە.

لەراستیدا تورکیا بەهاوبەشی چەندین وڵات کە ئەمریکای تێدانەبوو توانی هەژموونی بازرگانی و دارایی لەعێراقدا جێگیربکات، کە بوە هۆی بێزاربوونی هاوڵاتیانی نەجەف بە تایبەت عەدنان زورفی پارێزگاری نەجەف کە خاوەن ناسنامەی ئەمریکیە لەو بارەیەوە وتی: بەر لەساڵی ۲۰۰۳ بەرێژەی90% ی عێراقیەکان رێزی زۆر تایبەتیان لەئێرانیەکان دەگرت، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوەو لە۹۰%ی عێراقیەکان رقیان لەئێران دەبێتەوە .

بەپێی هەندێك تیۆری میللی بەربڵاو یەكێك لە ئامانجەکانی ئەمریکا لەپرۆسەی ئازادی عێراق دامەزراندنی هەژموونێکی شیعەنشینی دیموکراسی سەر بەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکابوە لەناوچەکەدا تا ببێتە دەروازەیەکی دژە ئێران‌و لایەنگری ئەمریکا بێت‌و پاڵپشتی تەواوی بکات لەناوچەکەدا، بەڵام هاوکێشەکە بەپێچەوانە کەوت‌و ئێران لەرێی دەست بەسەراگرتنی دەسلاتدارەکانی عێراقەوە توانی ئەو پرۆسەیە لەبار بەرێت.

لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقەوە پەرپرسیارێتی پاراستنی هەژموونی ئەمریکا لەعێراق دەکەوێتە ئەستۆی دیبلۆماتکارو بسنزمانەکان و لێپرسراوەکانی بواری رێکخراوە مەدەنییە ناحکومیەکان، وێرای ئەوەی ئەمریکا بەنیازە کارەکانی لەناوچەکەدا بەربڵاوتر بکات، بەڵام هەلی بیمەکردنی بوارەکان لەنەجەف و باشور لەدەستدەدات کە ناوچەیەکی ستراتیژی هێزەکانی شیعەنشینە لەناوچەکەدا .

ئەمریکا وەنەبێ هەر داواکاریەکانی زورفی پارێزگاری نەجەف سەبارەت بەکردنەوەی کونسوڵگەری رەتدەکاتەوە، بەڵکو نوسینگەی پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەش بە بڕیارێکی ئەمریکی پێشوەخت بارەگاکەیان داخستو هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ نائاسایی بوونی حاڵەتی ئەمنی ناوچەکە.

بەرپرسانی شارەکانی باشووریش ئاماژە بەوە دەدەن کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت گوایا ئێران بازاڕەکانی بەکاڵای دروستکراوی ئێرانی قۆرغکردووە، لەراستیدا بازرگانی ئێرانی بەهۆی خراپی کەرەستەو کاڵاکانیەوە تا دێت زیاتر بەرەو ئاوابوون دەچێت و لەبەرانبەردا بازرگانی تورکی بەهۆی روختەیی کاڵاکانیانەوە رووله زیادبوون دەکات و ئێستا تورکیا دەستی تەواوی بەسەر بازاڕەکانی خواروودا گرتوە، جا هەرچەندە مالیکی لەئێراندا ژیاوەو پەیوەندی تەواوی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەیەو زۆربەی پیاوانی سەر بە ئێرانن، بەڵام ئەو پەیوەندیە لە واقیعی ئابووری وڵاتەکەدا رەنگی نەداوەتەوە .

گۆستی هیلتەرمانی جێگری بەرێوبەری بەرنامەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوینی سەر بەکۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وتی ”عێراقیەکم نەبینی متمانەی بەئێرانیەکان هەبێت“. هۆکاری ئەوەش دەگەرێتەوە بۆئەوەی ئێرانیەکان لەدانوستانەکاندا حەزدەکەن زۆرتر هەڵبگرنەوەو لەبەرانبەردا هیچ دانەنێن‌و هیلترمان ئاماژەی بەوەشدا کە سەردانی نوسینگەی مالیکی کردوەو بۆی دەرکەوتوە ئێران ناتوانێت هەژموونەکانی خۆی لەعێراق بکاتە سەرچاوەیەکی پرداهاتی ئابووری بەردەوامو درێژخایەن لەناوچەکەدا.

زۆربەی دانشتوانی شارەکانی باشوور کە هەر هەموویان شیعەنشینن فاکتەری سەرەکی داروخانی ئابووری دەگەڕێننەوە بۆ دەستوەردانی ئێران لەناوچەکەو بەهۆی بەکارهێنانی دەستو پێوەندە عێراقیەکانی وەك هێزەکانی مەهدی و چەندین کەتیبەی تری تیرۆریست کە هەموو دەستکردی ئێرانن ، بوونەتە هۆکاری نەبوژانەوەی ئابووری کە ئەمریکا بە نیازە لەناوچەکەدا پیادەی بکات، زانایەکی ئایینی شیعە شکە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە وەفدێکی ئەمریکی لە عێراق راگەیاندووە کە خەڵی

عەوامی شارەکە هاتنی ئەمریکایان بە نیازی ئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی ئابووری لە ئەمریسکا پێباشترە .

لەبەرانبەردا کینیس کاتزمەنی چاودێری ئابووری لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین دەڵێت : ئێران چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ زیارەتگەران و گەشتیاران بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام ئەمە نەویستی عێراقیەکان پڕدەکاتەوەو نە ئاسۆروونیەکی پاشەڕۆژیی بەدواوەیەو نەکاریگەرییەکی وای دەبێت شایانی باس بێت، دواجار عێراقیەکان ناچاردەبن بۆ مەسەلەی وەبەرهێنان لەناوەندە ئایینیەکاندا هەر ملکەچی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا بن .

نیویۆرک تایمز

Friday, October 14, 2011